# بەڕێز هادی عەلی و یەکگرتوو و چەند پەیڤێک

ئاسۆ حەمید / هەولێر/2005-11-24

بەڕێز (هادی عەلی) سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ناوەندی یەکگرتوو دەڵێ: من خۆم یەکێك بووم لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی شورا کە دەنگم دا بۆ دابەزین بە لیستی سەربەخۆ. ناوبراو ئەوەشی رەت کردەوە ئەو بریارە لەژێر فشاری کەسی ئەمینداری گشتی یەکگرتوودا بوبێ بەلکو بریارێکی کۆ دەنگی بوو لەسەر ئاستی قاعیدەو قیادە. زیاتر گوتی: ئێمە پەشیمان نین لەو بریارە. ئاشکرایە یەکگرتوو بەو بریارە گۆمەکەی شلەقاندووە و لەهەموو ناوەندەکان شرۆڤەی جودای بۆدەکرێ بەجۆرێك شرۆڤەکان بوونەتە فشاری دەرونی وگەیشتونەتە ئاستی تاوانبارکردنی ئەو هەلوێستەی یەکگرتوو. بەلام (هادی عەلی) بەزەردەخەنەیەکی هێمنەوە دەڵی َ: ئەوفشارانە لامان ئاساییین وناتوانن باری دەرونیمان تێکبدەن. بەلکو پێمان خۆشە کە هەڵوێستەکەمان توانیویەتی ئەوجۆرە کاردانەوە دروست بکات. سەبارەت بە پلانی راگەیاندنی یەکگرتوو لە میانەی بانگەشە کردن بۆ لیستی (561) ی یەکگرتوو ناوبراو رەتی کردەوە ئەوان بە تەکتیکی هێرش بردن بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان کاربکەن، هاوکات نەچوە ژێر باری ئەوەی لیستەکەیان لەسەنگەری بەرگری بێت لەخۆی بەلکو دەڵێ: ئێمە کە سەربەخۆ دابەزیوین خۆی لە خۆیدا بەرانبەرەکانمانی بردۆتە سەنگەری بەرگری کردن لەلیستی هاوپەیمانی بەواتایەکی تر لیستەکەمان بۆتە هێرش بەرو ئیتر خەلکی تر بەرگری لەخۆیان دەکەن. ناوبراو ئەوەشی ووت: ئێمە دژایەتی کەس ناکەین. بەرێز (هادی عەلی) وەك ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی یەکگرتوو بە جۆرێك لە حەماسەت و ورە بەرزی باس لە هۆکارەکانی دابەزینیان کرد بەلیستی سەربە خۆ هاوکات ئەو هەنگاوەی بەستەوە بەسیتراتیژیەتی کاری سیاسی یەکگرتوو لەکوردستاندا کە (ئیسڵاح) بناغەیەتی. ئیسڵاحیش وەکو زاراوە لای یەکگرتوو رەهەندی سیاسی – ئیداری هەیە ئەوە وێرای رەهەندی کۆمەلایەتی وئابوری ورۆشنبیری.

یەکگرتوو دەخوازێ بە پشت بەستن بە دەستووری بونی ژیانی سیاسی عێراق تەکتیکی کاری سیاسی خۆی بگۆرێت. دابەزین بەلیستی سەربەخۆ هەنگاوی یەکەمی ئەو گۆرانەیە لە تەکتیکدا نەك هەرئەوەندە بەلکو سەرکردەکانی یەکگرتوو ئەگەرەکانی کاری پەرلەمانی لەبەردەم کوتلەی یەکگرتوو لەپەرلەمانی عێراقدا (لەئەگەری بردنەوە بە هەر ژمارە کورسیەك) بەکراوەیی جێدەهێلێت وە لەوەلامی پرسیاری تەحالوف کردنیان لەگەل لیستی هاوپەیمانی کوردستان یان لیستی عێراقیەکاندا ئاماژە بە (فرە خیاری) ئەدا لەکاری کوتلەی یەکگرتوو هاوکات رەتی دەکاتەوە کورسیەکانیان (لەئەگەری بردنەوە) ببەنەوە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان وەك چۆن کۆمەلی ئیسلامی لەجاری پێشودا کردی، بەلام (هادی عەلی) دەڵێ: ستراتیژیەتمان نەگۆرە کە ئێستاو لەداهاتووشدا باشترو کاریگەرتر بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دەکەین وسەنگری کوردستانی بونمان جێ ناهێلین. ئەو بەرپرسە بالایەی یەکگرتوو دەلێ: ئەگەر چی یەکگرتوو لەشاخدا خەباتی نەبووە بەلام خۆ ئێمە کوری ئەو گەلەین، لەهەموو ناخۆشیەکاندا بەشمان کەمتر نەبووە لە خەلکی تر وەك تاك وبنەمالەش هەردەم قوربانیمان داوە بۆ نەتەوە کەمان.

لەوەش زیاتر هادی عەلی بەجۆرێك لە سلبیەت باس لە گرفتە حیزبیەکانی شاخ دەکات کە بۆتە جۆرێك لە گرێی دەرونی لای زۆرێك لە حیزبەکان وای کردوە ئاکامی سلبی وخەتەرناکی هەبێ لەژیانی حیزبی وسیاسی وئیداری ناوشاردا، ئەو دەڵێ: ئێمە وەکو

یەکگرتوو توشی ئەو گرێ دەرونیانە نەبوینە بۆیە ئارامتر کاری سیاسی لەگەل هەموو لایەنەکاندا ئەنجام ئەدەین. بەرێز (هادی عەلی) لەو باسەدا دەیەوێ وەلامی ئەو پرسیارو گومانانە بداتەوە لەمەر بەشداری نەکردنی یەکگرتوو لەخەباتی چەکداریدا بەو پێیەی ئێستاش دوای زیاتر لە (13) سالْ راپەرین ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەچی هێشتا لایەنەکان هەولی ژیاندنەوەی شەرعیەتی شۆرشگێری ئەدەن بەمەبەستی دەسکەتی شەرعیەتی جەماوەری لە هەلبژاردنەکاندا. ئەوە لە کاتێکدا لە دونیای هەلبژاردن ودیموکراسیدا پرۆژە خزمەتگوزاریەکان وئاستەکانی پێشکەش کردنیان بۆ جەماوەر بنەمایە بۆ دەسکەوتی شەرعی جەماوەری.